# کاتێ لە عامودا دەم وەستا

**سەلاح بەدرەدین**

ئاشکرایە لە مێژووی کورد،ئەو کارەسات و نەهامەتیانەی کە ژیانی نەوەکانی کۆن و نوێی وێران کردووە،لە ئەنجامی زەمین لەرزە و هەڵچوونی گڕکانەکان و هەڵکشانی دەریا ولافاوی رووبارەکان نەبووە، بەڵکو بەرهەمی پۆلێکی شەڕخواز لە مرۆڤەکان بووە.

پەیوەندی کورد بە سروشت پەیوەندیەکی ئەزەلی و روحییە و لەسەر بنەمای تەواوکاری یەکتر و دانوستانی دلۆڤانیانە پێك هاتووە بە پێچەوانەی کردەوەی شوڤینیەکان.

**ئەی هەر لە کۆنەوە نەگوتراوە کە تاکە هاوڕێی کورد —چیا- یە؟!.**

بە بۆنەی چل وچوارەمینساڵیادی کارەساتە دڵ تەزێنەکەی سینەمای-شەهرەزاد- لە عاموودا کە تیایدا 300 منداڵی کورد گیانیان بە ئاگر سپارد و ئەوەندەی دیکەش بریندار بوون و هەموو قوربانیەکانیش لەو خۆ بەخشەرانە بوون کە پلێتی ئامادەبوونیان بۆ بینینی فیلمێك لە بەرژەوەندی شۆڕشی جەزائیر کڕی بوو.

لەگەڵ هاوخەمی لەگەڵ کەس و کاری قوربانیان و ئەو برینە قوڵەی مرۆڤایەتی کە توشی دڵ و هەستی خەڵکی ئاشتی خوازی دانیشتوانی حەسەکە و هەموو هاوڵاتیانی سوریا هات، ئەوانەی هەواڵە دڵتەزێنەکەیان پێگەیشت، بەڵام رووداوەکە کاریگەری توندتری لەسەر کوردە سوریەکان هەبوو جا چ ئەوانەی لە ناوچەی رووداوەکە بوون یاخود دەرەوەی ناوچەکە.هەستی گومانیان لا دروست بوو سەبارەت بە ئەگەرەکانی هەبوونی پاڵنەری رەگەزپەرستی لە پشتی رووداوەکەوە ، کە مافی خۆیانە لەم بارانە جۆرە وورياىي و گومانێك بکەن بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵانێکی سەر بە گەلێکن لەدەستوور و یاساکاندا دان بە بوونیان نەنراوە..لە هەمان کاتیشدا رووبەرووی سەرکوت کردن و راگواستن و جیاوازی کردن هاتوون.

بەو پێیە جگە لە هەڵکەندنیان لە خاکی بابوباپیران و هەڵسوکەوتی سووکی دەزگا ئەمنیەکان هیچی تریان لە رژێم و حکومەتەکان نەدیوە کە هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئۆپراسیۆنێکی دوژمنکاری بەردەوام کە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەچێتە چوارچێوەی بەرنامەی شۆڤینی کە ئەویش بریتییە لە رەتکردنەوە و سڕینەوەی لایەنی دیکە بە رێبازی جۆراوجۆر، کە بووە هۆی دروستبوونی کەلێنێکی قووڵ و فراوان لە نێوان گەلی کورد لەلایەك و لە نێوان هەموو شتێك کە پەیوەندیەك دروست دەکات لەگەڵ ئیدارە فەرمیەکان هەر لە بچووکترین دامەزراوەی ناوخۆیی تا بەرزترین پایەکانی دەسەڵات لە پایتەخت، کە دەیان ساڵە و تا ئێستاش لە لایەن زۆربەی کورد و لە هەموو ناوچەکانیان راست گۆیی و متمانە و رێزی لە دەست داوە ، بۆیە وورياىي کورد لە سەرکوتکەرانی شەرعی و ڕوونە.

رووداوە ترسناکەکە، بەواقیع و ناوەرۆکەوە وەرگیرا لە لایەن خەڵك و چاودێرانی ووتنەوەگەلەکان کە زۆربەیان تۆمەتبارکردنن و لە بازنەی گومانن سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە چل ساڵ، پرسیارەکان هەر لە چاوەڕوانی ئەوەدان کە کێ وەڵامیان دەداتەوە؟ لەنێوانیاندا سەبارەت بە هۆکارە کارڕایی و هونەری و کەمتەرخەمی و ئاژاوە و ناووردبینی کە بەیەکەوە بوونە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتداران تەنها لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆش پێك نەهێنن کە تیایدا نوێنەرایەتی کەس و کاری قوربانیان بکات و ئەوانەی لە بازنەی گومانن رەوانەی دادگای تایبەتمەند بکرێن، یاخود دیاری کردنی بەرپرسیاریەتی یاسایی لەبەرامبەر ئەو کارەساتە.

سەبارەت بە باوەڕی هەبوونی پاڵنەری سیاسی-ڕەگەزپەرستی لە پشت پلان دانان بۆ تاوانەکە و جێبەجێکردنی کۆمەڵێك خوێندنەوە هەیە، وەك هەڵمەتی شۆفینی دژ بە کورد لەو کاتە و سەرەتای سەردەمی سەرکوتکردنی ئەمنی لە ناوچە کوردیەکان و واڵاکردنی دەستی دەزگاکان بۆ یەکەمجار بەو شێوەیە لە سوریا بۆ روبەروو بوونەوەی —مەترسی

کورد- که جێی متمانه نییه بۆیان، پێش ئەوەش هەڵمەتی ڕێکخراوێك که دەگری بۆ عەرەبی بوونی جزیرەی سوریا ئەنجامدرا به سەرۆکایەتی چەند شوڤینیەکی ناوداری وەك- سەعید ئەلسەید- و - ئەسعەد مەحاسن- هاوکات لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە بەدناوەی که مولازمی یەکەم - محەممەد تەڵەب هیلال- سەرۆکی دەزگای ئەمنی له قامیشلۆ دەرکرد که بریتی بوو له چەمکەکانی فاشستیانەی دژ به کورد. هەروەها جێی سەرنجه که ڕۆژی ڕووداوەکه موقەدەم-حیکمەت مینه- سەرۆکی نوسینگەی دووەمی قامیشلۆ بوو ئەو،دەزگا سەرکوتکەرەی دۆسیەی کوردی له ناوچەکه پێسپێردرابوو که ئەرکێکی ڕوونی هەبوو ئەویش ڕاوەدونانی کەسایەتیه سیاسیەکان و هاندانی عەشیرەته عەرەبەکان بۆ دژایەتی کردن و ڕووبەڕووبوونەوەی عەشیرەته کوردیەکان و خنکاندنی کەلتوری کوردی له ڕێگای قەدەغه کردنی گۆرانی و فشار خستنه سەر هونەرمەندان(هەروەك دەنگۆی ئەوە هەبوو که نوسینگەی دووەم دەستی له ژەهراوی کردنی میوزیککاری کورد-چەلەبی- دا هەبوو) هەروەها ڕەوانەکردنی پیاوانی ئاینی عەرەب له شارەکانی ناوەوە بۆ ئەوەی ڕێنماییه ئاینیەکانیان به عەرەبی بڵێنەوە له بڕی ئەو پیاوە ئاینیانەی کورد که به زمانی خۆیان دەیانگوتنەوە.

بەم جۆره هۆکارەکان دەستەبەر دەبن بۆ ئەوەی سەرنجەکان ڕوو له —کارا ڕەگەزپەرستیه نادیارەکه- بکەن، کەخۆی له دەسەڵات و دەزگا و پێوەندەکانیدا دەبینێتەوە.

**ئەو دیمەنانەی له یاد ناچن..**

سەر له بەیانی ڕۆژی دواتری کارەساتی ئاگرکەوتنەوەکه و دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵه جەرگ بڕەکه له شار و شارۆچکەکانی جزیرە،قوتابی بووم له دواناوەندی-ئەلعروبه- له قامیشلۆ و یەکێك بووم له ئەندامانی دەستەی ڕێکخستنی قوتابیان "پارتی دیموکراتی کوردستان-سوریا" پێشنیارم کرد لەگەڵ کۆمەڵێك له هاورێیانم که ڕوو له ئیداره بکەین و داوا له چاودێری قوتابخانه-مامۆستا حوسێن حاجی حوسێن- (که بەعسیەکی توندڕەوی خاوەن ڕابردوویەکی ئەمنی بوو, دواتر بوو به پارێزگار و ئینجا بوو به وەزیر) بۆ ئەوەی ڕێگەمان بدات ڕووبکەینه عاموودا و یارمەتی لێقەوماوان بدەین، بەڵام له کاتی بینینی توشی شڵەژانێکی زۆر هاتین و بینیمان به هەواڵەکەی زانیبوو بێ ئەوەی هیچ کارێکی تێبکات و بەرەتکردنەوەی داواکەمان و دەستەواژەی توند و هەرەشه و بەڵێنی سزادان ئەگەر سەرپێچی فەرمانەکانی بکەین و پێویستی پابەند بوون به دەوام،وەڵامی داینەوە.(دوای ئەو مامۆستا-عەلی شەمسەدین-جێگای گرتەوە که هەمان شێوەی هەبوو)،دوای ئەوەی ژوورەکەیمان جێهێشت بڕیارماندا که ئەنجامەکان هەرچیەك بێت ڕوو له گەراج بکەین و کاتێکی پێش نیوەڕۆ بوو گەیشتینه شاره بریندارەکه ، که بۆنی گۆشتی برژاوی مرۆڤی لێدەهات، خۆمان له نێو سەدانی وەك ئێمه خۆبەخش و کەسوکاری شەهیدان بینییەوە، ئەوەی مابوو له تەرمی منداڵانێك له تەمەنی گوڵ له خانەی سینەما ڕووخاوەکه گواستمانەوە بۆ ناوەندەکانی کۆکردنەوە له مزگەوت و هۆڵەکان بۆ ئەوەی دایك و باوك و کەس وکاریان بیانناسنەوە.دیمەنەکان ترسناك و کەشەکه خەماوی بوو، هاوار هاواری ئافرەتان جەرگی ئاسمانی دەبڕی..

تیبنی مانای تر له چاوی تێڕوانینەکانی پیاوانی عامودا دەکرا لەوانەی کەس و کاری قوربانیەکان که نیگاکانیان تەژی له داخ و ناڕەزایی و تۆمەتبارکردنی شۆڤینیەت بوون.

ئەو شەهیدەی دێکەمانی خەمبار کرد لەبەر ئەوەی- شتێك شتێکت بیر دەخاتەوە- دەبێ بگەرێمەوە بۆ ساڵێك یاخود زیاتر له ساڵێك بەر له ڕووداوەکه- که به ووردی له یادم نییه- کاتێك که زۆربەی ناوچەکانی جزیره به هۆی نەبارینی باران تووشی وشکی هاتن و کاریگەری زیاتریشی لەسەر ئەو شوێنەی که به باشووری هێڵی باران دەناسرا دەرکەوت که هەرچەند بەرەو باکوور و بەرەو تۆڕۆس بهاتیتایه تەنگژەکه کەمتر دەبووەوە.

ڕۆژێکیان سەر له بەیانی له دەروازەکانی دێکەمان-جومعایا- دوو مێگەل ئاژەڵ و کۆمەڵێك پیاو بەدەوریانەوە بوون-بیانی- خیوەتێکی ڕەش وەك ئەوەی چاوەڕوانی یەکێك بکات دایبمەزرێنێ به دەستیانەوە بوو.

ئەو کاتە ئێمە چەند گەنجێکی هەرزەکار بووین، حەزی خۆهەڵقورتاندنم پاڵی پێوەنام لە گەڵ ئەوانی دیکە روو لەو کۆمەڵ بوونە بکەم و ماوەیەك بەر لە گەیشتنمان بینیمان کە چەند کەسێك بەرەو رووومان هاتن و یەکێك لە پێشەوەیان بوو کە بەلایەنی کەم دەساڵ لە ئێمە گەورەتربوو کەشخە و پاك و خاوێن دشداشەیەکی لەبەردا و وەك هاورێکانیشی سەرپۆشێکی سپی و عەگالی لەسەر نابوو، کە خانە دانی و باوەڕ بەخۆ بوون لە روخساریدا بەدی دەکرا.
پێشوازی لێکردین لە برِی ئەوەی ئێمە پێشوازی لێبکەین هەروەك ئەوەی ئێمە میوانی ئەوین نەك ئەو لەماڵەکەی ئێمەیە،هێشتا سلاو و قسەکانمان تەواو نەکردبوو کە بینیمان خیوەتەکە دامەزراوە بۆ ئەوەی هۆکار و بیانوویەکیان بەدەستەوەبێ بۆ میوانداریکردنمان و داوای کرد نانی ئێوارەیان لە لا بخۆین کە دواتر چۆنی ویست وابوو.زۆری پێنەچوو تا کەوتینە گفتوگۆ دەربارەی رەوشی سیاسی و هەستمان بە هەبوونی یەك ڕایی لە بارەی کێشەی نەتەوایەتی کوردی کرد و من ئەو کاتە بە شایەتی هەمووان بچوکترین ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان-سوریا بووم لە دەستەی رێکخستن لە رێکخراوەکانی پارتەکە لە ناوچەکەم کە ئەو کاتە زۆربەی گوندەکانی رۆژهەڵاتی قامیشلۆی دەگرتەوە و شەرەڤ پێکهێنانی یەکەم شانە لە ناوچەکەمانم هەبوو بەسەرپەرشتی بەخێوکەری مەزن و مامۆستای خوالێخۆشبوو- سەید مەلا رەمەزان- ، جۆرە دڵنیایەك بە رووی ئامادەبووانەوە دەرکەوت بە هۆی ئەو کۆکییە سادەیەی یەك حالیی کە هەبوو،ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی لەسەرخۆ و بە تێرامان گوێ لە کێشەی میواندارانمان بگرین سەبارەت بە ناچاربوونی ئاژەڵداران بۆ رووکردنە دێکەمان بەهۆی ئەو وشکییەی لە ناوچەکانیان سەری هەڵدابوو.
ئێمە نەماندەزانی کە ئەو ئاژەڵانە هی خۆیەتی یان هی دۆست و ناسیاو و رۆڵەکانی عەشیرەتەکەیەتی، ئەو ناوبەندێك بوو، وەڵامی ئێمەش چەند خێرابوو لە بەخێر هێنان و رازیبوون لەسەر داواکەی بێ ئەوەی هەبوونی-موختار- و خەڵکی چارەسەرکردن و بەستانەوە لەبەر چاو بگرین.. بووین بە هێزێکی بە توانای بریاردەری چارەنووسی دێکە و دانیشتوانی...

دەبێ دان بەوە بنێم کە ئەو هێزە مەعنەوییەی هانی داین بۆ ئەو کارە یەکێ لە کورِەکانی موختار لە گەڵمدا بوو، هەروەها ئەو مەکانەتە کۆمەڵایەتییە بەرزەی خوالێخۆشبووی باوکم و پلە و پایەی لە لایەن خـــــاوەن زەویەکانی گونـــد و دانیشتوانی.
لە کاتی گفتوگۆکان پیاوەکە خۆی و بنەماڵەکەی ناساند بێ ئەوەی سەرنجی ئێمە رابکێشێ بە تایبەتی کە هێشتا ئێمە لە تەمەنێکی وا دابووین رۆڵ و مەکانەتی کەسایەتی و بنەماڵە رەسەنەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردی لە ناوچەی جزیرە بەهەند وەربگرین، ئەگەر لە بنەماشەوە ئەو جیاکاریە رەت نەکەینەوە.
لەو قۆناغەدا و لە گەرمەی گەشەسەندنی چەپی یاخی توندرِەو ئێمە لە سەروبەندی دامەزراندنی بناغەی سیاسی و هزری و رێکخستنی چەپی نەتەوەیی دیموکراتی بووین کە رێبازەکەی کاتێکی زۆری کێشا تا ساڵی 1965 لە کۆنفرانسی 5/ئاب کە لە گوندەکەی ئێمە- جومعایا- بەسترا و دوای کارەساتەکەی سینەمای شەهرەزاد لە عامودا هەڵقولا،لە رۆژانێکدا کە نیشانەکانی داخی و خەمۆکی دوو ئەوەندەی خۆی لێهات لە گوندی جومعایا کاتێك زانیمان شەهید (محەممەد سەعید ئاغا دەقوری) کە گیانی خۆی کردە قوربانی لە پێناوی رزگارکردنی چەند منداڵێك لە مەرگی مسۆگەر و بوو بە پاڵەوانی داستانی لە دیدی خەڵکی عامودا و گەلی کورد بە گشتی، هەمان ئەو پیاوە بوو کە میوانێکی ئازیز و میوانداریێکی میهرەبانی دێکەمان بوو..

**تاوانەکانی رەگەز پەرستی بە نیشانەکانی دادگای نێو دەوڵەتی**

لەوەتەی سەربەخۆ بوونی سوریا، کورد تووشی پشت گوێ خستن و بێبەشکردن هاتووە لە لایەن
رژێمە یەك لەدوای یەکەکان و هەرگیز وەك گەلێك لە پێکهاتەکانی سوریا کە خاوەن مافەکانی نەتەوایەتی و دانیشتوانی رەسەنن و لەوەتەی سەرهەڵدانی مێژووەوە لەسەر خاکی وڵاتەکەیان دەژین، مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە،هەر ئەمەش نا بەڵکۆ دەسەڵاتە شۆڤینیەکان لە هەموو

سەردەمەکاندا هەوڵی تواندنەوە و راگواستن و داخستنی دەروازەکانی ژیان بە رووی کورد دا بە پێی پلانە رەگەز پەرستیەکانیان کە ئاشکرا و ناسراون بێ بەشکردن لە ماڤ هاولاتی بوون(ئەنجامەکانی سەرژمێری 1961) و بێبەش بوون لە زەویی(نەخشەی پشتێنەی عەرەبی لە ناوەراستی شەستەکان) و گۆڕینی ناوچەی کوردی بە پێی بریارەکانی سەروو بۆ تایبەتمەندی دەزگاکانی ئەمنی بە دەسەڵاتێکی رەهاوە بێ وەستان بە یاسای (تەواری) و ئەو حوکمە عورفیەی کە لە هەموو سوریا باو بوو، بۆ ئەوەی یاری تیرۆر و گرتن و ڕاوەدوونانی هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بکەن و سەرانە لە خەڵك بستێنن.

بە هۆی پووچەڵبوونەوەی زۆربەی پلانە رەگەز پەرستیەکان و خۆراگری گەلی کورد و پەیوەستبوونیان بە دۆزە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکەیان، شۆڤینیەکان ناوە هێرشە تیرۆریسیەکانیان توند تر دەکرد و هەڵسان بە ئەنجامدانی چەند کردەوەیەکی تۆڵەسەندنەوە کە دەستپێکیان سوتاندنی سینەمای عامودا بوو ساڵی 1960 (300 کوژراو و 200 بریندار)،سوتاندنی چەند قاوشێکی هەڵبژێردراو لە بەندیخانەی حەسەکە لە (1993/3/24) کە(60) زیندانی کوردی تیابوو و راستەوخۆ دوای رووداوەکەش بریاری لە سێدارەدانی پێنج کوردی دیکە کە تاکە بینەری رووداوەکە بوون جێبەجێ کرا،هەروەها تیرۆرکردنی شێخ مەعشوقی خەزنەوی بە هەمان پاڵنەری رەگەز پەرستی(2005/4/10) کە سەرچاوەکان یەك ڕان لەسەر بەرپرسیاریەتی لیوا- محەممەد مەنسورە- چاودێر لەسەر دۆسیەی کورد سەبارەت بە هەردوو تاوانی دووایی.

ئاشکرایە کە ئەو سێ تاوانە سروشتێکی رەگەزپەرستی هەیە و لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنێکی لەناوبردنی رەگەز جێبەجێ کراوە و بە تاوانی- دژی مرۆڤایەتی- دەژمێردرێت، هەروەها بە پێی پەیمان و بریارەکانی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی یاسایی نێودەوڵەتی رێ بە رەوانە کردنی ئەم جۆرە کێشانە بۆ دادگاکانی نێودەوڵەتی تایبەتمەند دەدات بۆ تێروانین لەم تاوانانە هەروەك دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە کێشەی سەرۆك حەریری .